# گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی

ژمارە ٦٧ - ٢٠٢٦
گۆڤارێكی زانستیی وەرزییە


سەرۆكی ئەكادیمیای كوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس كاكل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر كەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژكاران:
پ. هـ د. میشێل لیزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. سالْح ئاكین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداك
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە



Web: journal.ka.gov.krd

ISSN: 2520- 4106

هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

**گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، ئەکادیمیای کوردی دەری دەکات، بایەخ بە توێژینەوەی ڕەسەن و پێشکەوتوو لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا ، فۆلکلۆر، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، زانستی کردەکی، توێژینەوەی بەراوردکارانە، نێوان بوارە زانستییەکان، فەرهەنگناسیی کوردی، کولتووری کوردی بەگشتی دەدات. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی ڕەسەنەوە، بایەخێکی زۆر بە کێشەی زاراوەسازی لە هەموو ئەو بوارانەدا دەدا. ئەم گۆڤارە توێژینەوە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، درێژەی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کوردییە کە پێشتر لە سەردەمی کۆڕی زانیاری کوردیدا دەردەچوو، چەندان نووسەر و توێژەری پێشکەوتووی کورد کاریان تێدا دەکرد و بەرهەمی ڕەسەنیان تێدا بڵاودەکردەوە.

ئەمڕۆش، ئەم گۆڤارە، بە هەمان ڕوانینی ڕەسەن و وردەکارانەوە، لە ڕێگەی دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی ئاستی توێژینەوەی زانستی لەو بوارانەدا، درێژە بە خزمەتی خۆی دەدات. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، خواست و هیوای زۆری هەیە، لە ئاییندەیەکی نزیکدا، گەشە بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەکادیمی توێژینەوەی کوردی بدات، بە تایبەتی لە ڕووی نوانەسازی و ئاماژەپێوی ئاستێکی ئەکادیمیی جیهانی بەدەست بهێنێت. ئامانجی ئەم گۆڤارە، بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستیی ڕەسەن و پێشکەوتووە، ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لەساڵی ٢٠٠٢ دا بڵاو بووەتەوە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کراوە و بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


❈ ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک

❈ دیزاین: هەرێم عوسمان

❈ ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:

Web: journal.ka.gov.krd



❈ ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd

❈ مۆبایل: 009647508375575

# مجلة الاكاديمية الكوردية

العدد ٦٧ – ٢٠٢٦
مجلة علمية فصلية



(رئيس الاكاديمية الكوردية و صاحب الامتياز)
**حەمەسەعيد حەسەن**

رئيس التحرير
**أ. د. محسن احمد عمر**

مدير التحرير
**د. بخشان فهمى فرحو**

هيئة التحرير
أز د. قيس كاكل توفيق
أ. د. بختيار سجادى
أ. د. فرهاد قادر كريم
أ. م. د. احمد محمد مام عثمان
أ. م. د. عبدالواحد ادريس شريف
أ. م. د. نوزاد احمد اسود
د. لزكين عبدالواحد احمد

هيئة المستشارين
أ. د. ميشيل ليزنبيرک
أ. د. مارتن فان برونسن
أ. د جليل جليلى
أ. د. سالح اكين
أ. د. جعفر الشيخ لاسلامى
أ. د. عبدالرحمن اداک
أ. د. هاشم احمدزادة



اربيل/ شارع هەلەبجە
ISSN: 2520- 4106
Web: journal.ka.gov.krd

## مجلة الأكاديمية الكوردية

هذه مجلة علمية موسمية تصدر عن الأكاديمية الكوردية. تسلط الضوء على الأبحاث الأصيلة والمتقدمة في مجالات اللغة والأدب والتاريخ والجغرافيا والفلكلور وعلم الاجتماع والفلسفة والعلوم التطبيقية، بالإضافة إلى الدراسات المقارنة والمتعددة التخصصات. تولي مجلة الأكاديمية الكوردية أهمية كبيرة لمسألة المصطلحات في جميع هذه المجالات، لا سيما من خلال نشر الأبحاث الأصيلة. تنشر المجلة بحوثا بالكوردية والعربية والإنجليزية. وهي امتداد لمجلة المجمع العلمى الكوردي، التي كانت تصدر سابقا في إطار هذا المجمع. وقد ساهم فيها العديد من المؤلفين والباحثين الكورد المعروفين ونشروا أعمالا أصيلة.

تواصل هذة المجلة المهمة نفسها من خلال إثراء وتحسين مستوى البحث العلمي في جميع المجالات. يهدف مجلة الأكاديمية الكوردية إلى رفع المستوى العلمي والأكاديمي للبحث الكوردي في المستقبل القريب وتحقيق شهرة دولية من حيث الفهرسة. ولذلك، فإن هدف المجلة هو نشر بحوث علمية مبتكرة ومتقدمة للغاية. نشرت العدد الأول من المجلة في سنة ٢٠٠٢. مجلة الأكاديمية الكوردية معتمدة من قبل وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في حكومة إقليم كوردستان ومعترف بها للترقيات العلمية.


❊ منسق شؤون المجلة: ئيمان نەجات ئاغۆک

❊ اخراج الفني: هەرێم عوسمان

❊ موقع مجلة الأكاديمية الكوردية:

Web: journal.ka.gov.krd



❊ البريد الكتروني: journal@ka.gov.krd

❊ موبايل: 009647508375575

وەرگرتن: ٢٠٢٦/٣/٢٧
پەسەندکردن ٢٠٢٦/٥/٤

# بێمانایی و گوناهی ڕەسەن: شیکردنەوەی شانۆنامەی "بۆ دۆزەخ، ئەی بێگوناهان"ی بەختیار عەلی لە ڕوانگەی ئەخلاقی بوونگەرابییەوە

د. دیلمان قادر أحمد
نازناوی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێجی پەروەردە/ زانکۆی گەرمیان
dilman.qadir@garmian.edu.krd

پوختە:

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی "بێمانایی و گوناهی ڕەسەن: شیکردنەوەی شانۆنامەی "بۆ دۆزەخ، ئەی بێگوناهان"ی بەختیار عەلی لە ڕوانگەی ئەخلاقی بوونگەراییەوە" شیکاری شانۆنامەی (بۆ دۆزەخ، ئەی بێگوناهان) دەکات و چەمکی (گوناهی ڕەسەن) وەک بەرپرسیارێتییەکی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو. توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر بێمانایی بوون و ململانێی کارەکتەرەکان لە ژینگەیەکی سانسۆرکراودا بۆ دۆزینەوەی واتا و ڕەسەنایەتی. هەروەها توێژینەوەکە ئامانجی ئەوەیە باس لە گرژی و ناکۆکیی نێوان ئازادیی تاک و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بکات و دەریبخات کە ڕەسەنایەتیی مرۆڤ لە دانان بە بەرپرسیارێتی و گوناهباریی بوونەوە سەرچاوە دەگرێت. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە بە ئەو ئەنجامە گەیشتووە، کە شانۆنامەکە وێنەیەکی ئەخلاقی ئاڵۆز نیشان دەدات، کە خوێنەر هان دەدات بیر لە سروشتی گوناهـ و ململانێی تاک بۆ گەیشتن بە ڕەسەنایەتی لە جیهانێکی پەرتبوودا بکاتەوە.

کلیلە وشەکان: گوناهی ڕەسەن، بەرپرسیارێتی تاک، بێمانایی بوون، ڕەسەنایەتی، شانۆنامە.

## پێشەکی

لە زۆر بارودۆخدا کاراکتەرێک پرۆسەی گێڕانەوە لەسەر بنەمای کردارێک یاخود هەڵوێستێک درێژ دەکاتەوە، کە بێمانایە و بە دەست دەرئەنجامەکانییەوە دەناڵێنێت. کەواتە (بێمانایی) کاتێک ڕوودەدات کە مرۆڤ هەوڵدەدات مانای ژیانێک بخاتەڕوو کە بێمانایە. "بۆ دۆزەخ، ئەی بێگوناهان" دەقێکی شانۆیی وروژێنەرە، کە پێویستی بەوەیە لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقییەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو ئێمە بابەتەکانی بێمانایی و چەمکی گوناهی ڕەسەن لە شانۆنامەکەدا لەبەرچاو بگرین. بۆ قوڵبوونەوە لە لێکۆڵینەوەی دەقەکەدا، دەبێت لەوە تێبگەین، کە مەبەست لە بێمانایی لە ئەدەبدا چییە و چۆن بە فەلسەفەی ئەخلاقەوە پەیوەستە! بە تایبەتی لە چوارچێوەی بابەتەکانی گوناهباری و بێگوناهیدا.

بوونگەرایی ئەخلاقی جیاواز لە ڕوانگەی ئایینی، کە گوناهـ یان گوناهی ڕەسەن بە دۆخی کەوتوویی مرۆڤ واتە ئەنجامی نافەرمانیی ئادەم بەرامبەر بە خودا پێناسە دەکات؛ ئەخلاقی بوونگەرایی، گوناهی ڕەسەن لە ڕوانگەی ئازادیی مرۆڤ و بەرپرسیارێتی و کەموکوڕییە سروشتییەکانی مرۆڤەوە تەماشا دەکات و دەیناسێنێت. بەو شێوەیە چەمکی گوناهی ڕەسەن لە ئەخلاقی بوونگەراییدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بەرجەستەکردنی ئازادیی تاک و بارگرانی و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی هەڵبژاردنەکانی تاکەوە هەیە.

پرسیاری توێژینەوەکە:

ئەو پرسیارانەی ئەم توێژینەوەیەیان لەسەر ئاڕاستەکراوە بریتیین لەوەی، کە ئاخۆ چوارچێوەی تیۆریی گونجاو بۆ تێگەیشتن لە ئەزموونی کاراکتەرەکان لەگەڵ بێمانایی و کێشە ئەخلاقییەکاندا چییە؟ وێناکردنی بیمانایی لە شانۆنامەکەدا بە چی شێوەیەک ڕەنگدانەوەی بنەماکانی ئەخلاقی بوونگەراییە؟ لە شانۆنامەکەدا چەمکی ”گوناهی ڕەسەن“ لە چی ڕوویەکەوە دەردەکەوێت و چۆن بەشداری لە تەوەرەکانی بێماناییدا دەکات؟

وەڵامی گریمانەیی توێژینەوەکە:

هەرچی وەڵامی گریمانەیی توێژینەوەکەشە کورت دەبنەوە لەوەدا، کە بوونگەرایی ئەخلاقی چوارچێوەیەکی تیۆریی گرنگ بۆ شیکردنەوەی هەڵوێست و هەڵبژاردنە کردارییەکانی کاراکتەرەکان و ململانێیان لەگەڵ بێمانایی پێشکەش دەکات و بوار بۆ تێگەیشتنێکی قوڵتر لە ئەخلاقی مرۆڤ دەڕەخسێنێت. لە دەقە شانۆییەکەدا بێمانایی بابەتێکی سەرەکییە و ئاماژەیە بۆ گوتارێکی فەلسەفی فراوان لەسەر ئەزموونی مرۆڤ. چەمکی گوناهی ڕەسەن، گێڕانەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییە ئەخلاقییەکانی نێو شانۆنامەکە.

ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ڕێبازی )وەسفیی شیکاری) دەقی شانۆیی (بۆ دۆزەخ، ئەی بێگوناهان) تاووتوێ دەکات.

ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکیی، ئەم توێژینەوەیە گەڕانە بەدوای ڕەهەندە ئەخلاقی و فەلسەفییەکانی دەقەکەدا، بەتایبەت لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی چەمکەکانی (بێمانایی) و (گوناهی ڕەسەن)دا. توێژینەوەکە لە چوارچێوەی تیۆریی (ئەخلاقی بوونگەرایی)دا، پردێک لەنێوان ئەدەب و فەلسەفەدا دروست دەکات تاوەکو وێنایەکی ڕوونی هەڵوێستە مرۆییەکان بەرجەستە بکات. هەرچی گرنگیی توێژینەوەکەیە بریتییە لە هاندانی خوێنەر بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ناساندنی شێوازێکی نوێی شیکاریی، کە بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو لە بواری فەلسەفەی ئەدەبیاتدا دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی.

بەشی یەکەم: چەمکسازیی بێمانایی و گوناهی ڕەسەن

ئەخلاقی بوونگەرا، چەمکی گوناهی ڕەسەن بە جەختکردنەوە لەسەر بەرپرسیارێتیی مرۆڤ لە چوارچێوەی پەیوەندی بە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، دادەڕێژێتەوە. لەبری ئەوەی گوناهـ وەکو کەموکوڕییەکی کەسی و بۆماوەیی سەیر بکات، تیشک دەخاتە سەر ئەوەی تاکەکان چۆن لە چوارچێوەی سیستەمێکی فراوانتردا کردار و هەڵبژاردنەکانیان لەقاڵبدراون. واتە چەمکی

(گوناهی ڕەسەن/گوناهباریی میتافیزیکی) لە پرسی بەرپرسیارێتیدا چڕ دەکاتەوە، چونکە"مرۆڤ بەشێکە لە کۆمەڵێک پەیوەندیی کۆمەڵایەتی یان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی، کە ژیان دروست دەکات."(Wilson 2021: 106). ئەم تێڕوانینە ئەوە پیشان دەدات، کە مرۆڤەکان تەنیا لەسەر کردارە کەسییەکانیان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت، بەڵکو لەبارەی چۆنییەتی پەیوەندیکردنیان بە دامەزراوە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبنەوە. داوا لە تاک دەکات هۆشیاریی ئەخلاقی هەبێت لەبارەی ئەوەی چۆن هەڵوێست و کردارەکانی مرۆڤ و پڕۆژەکانی، لەنێو پەیکەری گرێدراوی کۆمەڵدا کاریگەرییان لەسەر ئەوانی دیکە هەیە. بەو شێوەیە گوناهباریی میتافیزیکی نەک بە تەنیا هەر وابەستەیی مرۆڤ بە بنەماکانی یەکسانیی و دادوەرییەوە نییە، بەڵکو وەک جۆرێک لە هاودەنگی لەگەڵ مرۆڤەکانی تریشدا دەردەکەوێت و مەودای پەیوەندییە نزیکەکانی تاک لەگەڵ قوربانییەکاندا، واتە ئەوانەی مرۆڤ لە بەردەمیاندا هەست بە گوناهباری دەکات، دەگرێتەوە.(Morris 1987: 237).

سەرەڕای ئەوەی هەست بە گوناهباری دەکات، بەڵام دەکرێت لە ڕووی میتافیزیکییەوە، کەسی گوناهبار بەرپرسیار نەبێت لەو هەڵەیە یان خراپەیەی کە باسی لێوە دەکرێت. لە بارودۆخێکی لەو شێوەیەدا، هەستکردن بە گوناهباری هەستێکی ماقوڵ و قایلکەرە، چونکە لە بنەڕەتدا ئاماژەیە بۆ پەیوەندیی قوڵی ناسیاوی و نزیکی لەگەڵ ئەوانی تردا. تەنانەت ئەم پەیوەندییانە تا ئەو ڕادەیەی کە ئامێز بۆ پرسی مرۆڤایەتی و ڕەهەندەکانی پەیوەست بەو پرسەوە بگرێتەوە، درێژ دەبێتەوە.(بڕوانە: Morris 1987: 236–237). تاک هەست بە گوناهباری و شەرمەزاری دەکات کاتێک دەبینێت مرۆڤ لە خراپەدا ڕۆچووە، چونکە هەست بە مرۆڤبوونی خۆی دەکات. لێرەوە هەستکردن بە گوناهباری و درککردن بە گوناهی ڕەسەن سەرهەڵدەدات و دروست دەبێت. ئەگەرچی لەوانەیە ئەو کەسە بۆخۆی تاوانێکی ئەنجام نەدابێت، بەڵام سروشتی گوناهی ڕەسەن ئەو سنوورە تێدەپەڕێنێت و ئەو هەستە لەلای تاک دروست دەکات، کە لە خۆیدا هەڵگری کەموکورییە، بەوەی لایەنیکەم بیردەکاتەوە، کە دەیتوانی ڕێگربێت لە ڕوودانی تاوان. لێرەوە گوناهی ڕەسەن لەگەڵ بەرپرسیارێتیدا یەکدەگرێتەوە. بەو جۆرە "هەستکردن بە گوناهباری و شەرمەزاری لە بارودۆخی گوناهباریی میتافیزیکیدا، ئاماژەیە بۆ مەیلی ئەخلاقی دروست بەرامبەر بە ئەوانی تر و شوێنی مرۆڤ لە جیهاندا."(Wilson 2021: 109).

لە بوونگەرایی ئەخلاقیدا گوناهباری پرسێکی پێشوەختەیە، شتێکە وەک بەشێک لە بوونی مرۆڤێک/کەسێک، پێویستی بە هیچ هۆکارێک نییە و پەیوەندی بە گەشەی تاکایەتیی مرۆڤەوە نییە. لەبەرئەوەی مرۆڤ فڕێدراوەتە نێو جیهان و هیچ بژاردەیەکیشی نییە. پاشان دەکەوێتە نێو بارودۆخێکەوە، کە بە (داسمان–Das Man) دەناسرێتەوە، واتە ئەوە بڵێ، کە ئەوانی تر دەیڵێن. ئەوە بکە، کە ئەوانی تر دەیکەن. ئەم بارودۆخە تاک دەخاتە نێو هەستکردن بە گوناهەوە، ئەم هەستە نیگەرانی لە تاکدا دروست دەکات، کە دواجار داوای لێدەکات بۆ بوونی ڕەسەنی خۆی بگەڕێتەوە،"داواکردنەکە بانگکردنە بۆ گەڕانەوە؛ داوا لە دازاین دەکات لەسەر زەمینە هیچەکەیەوە لە هیچێتیی پڕۆژەکانی تێبگات و ڕوو لە ئەگەرەکانی بکات؛ خودی ونبووی لەنێو (ئەوان) دا بدۆزێتەوە و بەرەو خۆی بگەڕێتەوە. ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە ئەم بوونە هەست بە گوناه دەکات."(هایدگەر ٢٠١٣: ٣٨١). بەم شێوەیە مرۆڤ

لە بوونی خۆیدا گوناهباریی بوونگەرایی هەیە و بەو جۆرەی کۆمەڵگەکەی هەنگاو دەنێت، ئەویش هەنگاو دەنێت، هەڵگری هەمان ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتیانە دەبێت، کە کۆمەڵ و کۆمەڵگە هەڵیانگرتووە و پەیڕەوی دەکەن. بەڵام ئێمە ناتوانین درک بەو ناتەواوییەی ژیانمان بکەین، تا ئەو کاتەی کە بتوانین بەو شێوەیەی دەمانەوێت بژین (مومارەسەی ژیان بکەین)، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو بوار و ئەگەرانەوە دەبێت، کە بە درێژایی ژیان دێتە پێشمان. ئێمە ناتوانین بژین بەو شێوەیەی کە داوامان لێکراوە، بەڵکو ئێمە دەژین بەو شێوەیەی، کە لەسەر بنەمای هەڵوێست و هەڵبژاردنەکانی خۆمان وەک (تاک) بنیاتنراوین.

کەواتە گوناهباریی بوون ئاماژەیە بۆ هەستێکی قووڵی گوناهباری کە لە ئەنجامی ئەگەر و پرسیارە بوونگەراییەکانەوە، سەبارەت بە بەها و ئامانج و بوونی مرۆڤ، سەرهەڵدەدات. واتە دەکرێت لە جیهانێکی بێماناداا سەرهەڵبدات، کە تێیدا تاک بەرامبەر بە هەڵوێست و هەڵبژاردنەکانی خۆی بەرپرسیارە. بەو جۆرە تاک تووشی جۆرێک لە دڵەڕاوکێ دەبێت، لەبەرئەوەی نایەوێت لەگەڵ ئەو نۆرم و نەزمە کۆمەڵایەتییانەدا بگونجێت، بە بێ ئەوەی لێکدانەوە و بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی بۆیان هەبێت، چونکە ئەگەر وانەکات ئەوا تاک دەکەوێتە نێو جەنجاڵی و پەیڕەوکردنی ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لە ئەنجامدا بوونی ڕەسەنی خۆی لەدەست دەدات. (بڕوانە: ژیژەک ٢٠٢١: ٢٠٨).

ئەم ڕوانینە ئاماژە بۆ تێگەیشتنێکی قووڵ و ورد سەبارەت بەوەی، کە تاکەکان لەبارەی مێژووی کەسیی خۆیان و ئەو کاریگەرییەی لەسەر ئەزموون و ناسنامەی ئێستایان هەیانە، دەکات. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ئەزموونەکانمان بە قووڵی لە مێژووە کەسییەکانمان و ئەو زەمینە مێژووییە فراوانترەدا چەسپاون کە تێیدا دەژین. تاک ناتوانێت لە مێژوو و مێژووییبوونی خۆی ڕزگاری ببێت، بەڵام کاتێک وردە وردە ئازادی خۆی مومارەسە دەکات، ئەو کاتە بە ڕەسەنایەتی دەگات. (Braver 2014: 147-149). ئەزموونەکانی ڕابردوومان کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەوەی ئێمە کێین و چۆن هەست بە جیهان دەکەین. بەڵام لە ڕاستیدا تاکەکان ناتوانن بە تەواوی لە مێژووی کەسایەتیی خۆیان و ئەو بەستێنە مێژووییە ڕزگاریان ببێت، کە تێیدا بوونیان هەیە. ئەم مێژووییبوونە نەک تەنیا ئەزموونە کەسییەکان، بەڵکو ڕەهەندە کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیش دەگرێتەوە. جا بە ئاگاییەوە بێت یاخود بە بێئاگایی، ئەم ڕەهەندانە بەردەوام بوون و بنیاتی تاکەکانیان داڕشتووە.

گوناهباریی بوونگەرایی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پرسەکانی (فرێدان) و (کەوتن) ەوە هەیە، هەر لەبەرئەوە لە بوونگەرایی ئەخلاقیدا "وێناکردنێکی تراجیدیانە بۆ پرسی گوناه هەیە، مرۆڤ بە حوکمی سروشت و پێکهاتەکەیی و بەو پێیەی بوونێکی کۆتادار و ئازادە، کەواتە لەبەردەم ئەگەری گوناهدایە."(ماکوار، ٢٠١٩: ٣٣٧). بەڵام ئەم دوو پرسە بە تەواوی ناگەن، هەتا بە پرسێکی ترەوە پەیوەست نەکرێن، کە ئەویش بوونە. هەرسێکیشیان بەیەکەوە شتێک پێکدەهێنن، کە هایدگەر ناوی لێناوە (گرنگیدان/چاودێری-Care). هایدگەر لە ڕێگەی پرس یاخود چەمکی (چاودێری)یەوە لە سروشتی مرۆڤ و ئەو پێکهاتانەی کە بنەمای بوونی ئێمەن، قووڵ دەبێتەوە. لە فەلسەفەی هایدگەردا (چاودێری) بە یەکێک لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی بوونی مرۆڤ دادەنرێت. ئەو شێوازەیە کە مرۆڤ لەگەڵ جیهان و خۆیدا پەیوەندی دەگرێت، ئەزموون و تێگەیشتنی

خۆی سەبارەت بە بوون لە قاڵب دەدات.

هـایدگـەر بـەو شـێوەیە وەسـفی (چـاودێـری) دەکات، کە پێکهاتەیەکی سێ لایەنەی هەیە، ئەوانیش پێکدێن لە ١- بوون پێش خۆی/داهاتوو. ٢- بوون لە تەنیشت خۆی/ئامادە. ٣- بوون لە ئێستاوە لە جیهاندا/ڕابردوو. (Buben 2016: 95). پێکهاتەی یەکەم مرۆڤ بەرەو ئەگەر و پرۆژەکان لە داهاتوودا ئاڕاستە دەکات، واتە پێشبینیکردن و پلاندانان و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە هەندێک ئامانج لە داهاتوودا. پێکهاتەی دووەم پەیوەندی بە ساتەوەختی ئێستاوە هەیە، کە مرۆڤ سەرقاڵی چالاکی و بەریەککەوتنەکانە لە جیهاندا. هەرچی پێکهاتەی سێیەمیشە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ڕابردوو کاریگەری لەسەر ئێستا و داهاتوو هەیە، لە ئەنجامیشدا تێگەیشتنی مرۆڤ لەبارەی خۆیی و جیهان لە قاڵب دەدات.

لایەنێکی گرنگ و بەرچاوی (چاودێری) دانان بە مردن و کۆتاییهاتنە، چونکە ئاگاداربوون و گرنگیدان بە پرسی مردن، دەتوانێت ببێتە هۆیەکی گرنگ بۆ ئـەوەی تاک قەدرێکی زیاتری بۆ ژیـان هەبێت و گرنگییەکی زیاتر بە پەیوەندییەکی ڕەسەنتر لەگەڵ بوون، بدات. "دازایـن دەتوانێت ئەزموونی مردنی هەبێت، چونکە بوونی لەگەڵ کەسانی دیکەدایە". (هایدگەر ٢٠١٣: ٢٣١). لە فەلسەفەی هایدگەردا، چەمکی "بوون-بەرەو-مەرگ/-Being-towards Death" لایەنێکی بەرچاوی گرنگیدان و چاودێرییە، کە تیشک دەخاتە سەر واقیعی بوونگەرایی مردن و کۆتایی مرۆڤ. ئەم چەمکە ناوەندییە بۆ تێگەیشتن لـەوەی کە چۆن تاکەکان دەتـوانـن ڕووبـەڕووی بوونی خۆیان ببنەوە و لەژێر ڕۆشنایی مردنی حەتمی خۆیاندا، هەڵبژاردنی ڕەسەن ئەنجام بدەن.

بۆ نموونە: (دارا) کە لە منداڵیدا "دوو داری دی" ئێستا گەورە بووە و تەمەنی هەڵکشاوە بۆ چلەکانی تەمەنی خۆی، دارەکـانی بڕیوەتـەوە و هـەر لەسـەر زەوی ئـەو دارانـە خەریکی پڕۆژەی وەبەرهێنانە، ساڵانێکە سەرقاڵی کارەکەی خۆیەتی و هـەوڵـدەدات بۆ بـەرزکردنـەوەی پایەی خۆی و ئاستی قازانجی مادیی خۆی، بـەڵام دوای کۆچی دوایی چاوەڕواننەکراوی (ئازاد) کە هاوڕێییەکی زۆر نزیکییەتی، ئیتر قوڵتر بیر لە بوونی خۆیی و ئەگەری مردنی دەکاتەوە. لێرەدا بیرکردنەوە لە (مردن) دارا دەباتە سەر ئەوەی:

- دەست دەکات بە پرسیارکردن سەبارەت بە مانا و ئامانجەکانی ژیـانی، بیر لـەوە دەکاتـەوە، کە ئایا هەنگاوەکانی ئێستای لەگەڵ گرنگترین و سەرەکیترین بەها و ئامانج و ئاواتەکانیدا دەگونجێن! بەمە دەگوترێت (ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینە).
- لـە پێشـەوەدانانی ئـەو ئـەزمـوونـانـەی مانای ڕاستەقینەی بـوونـی خـۆی بەدیدەهێنن، سەرنج دەخاتە سەر پەیوەندییەکان، گەشەکردنی کەسی و هاوسۆزی لەگەڵ کەسانی تردا، لەوانەیە جارێکی تر گرنگی بە سروشتیش بداتەوە. بەمە دەگوترێت (هەڵسەنگاندنەوەی پرۆژەکـان و دیاریکردنی لە پێشینەکان).
- بەوەی دارا دان بە مردنی خۆیدا دەنێت، ئیتر هەوڵدەدات بە شێوەیەکی ڕەسەنتر بژی، هەڵبژاردنێک دەکات کە دەنگدانەوەی لەگەڵ خودی ڕاستەقینەی خـۆیـدا هـەبـێت، نـەک بـەرهـەمـی چـاوەڕوانـییـە کۆمەڵایەتییەکان یان فشارە دەرەکییەکان بێت.

لێرەوە و لە چوارچێوەی بیرکردنەوە و هۆشیاریی ڕەسـەنـدا، دەتوانین درک بـەوە بکەین، گوناهـ لە چوارچێوەی بوونگەرایی ئەخلاقیدا هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و بنیاتی هەڵبژاردنەکانی تاکە. لەبەرئەوە"دازاین بەهۆی سەرنەکەوتنییەوە تووشی هەست بەگوناهکردن نابێت، بەڵکو پێویستە ڕەسەنانە

و لە ئاستی بوونی خۆیدا هەست بەگوناهـ بکات". (هایدگەر ٢٠١٣: ٣٨٢). لێرەدا هەستی گوناهباریی دازاین پەیوەندی بە کردەوەیەکی دیاریکراو یاخود شکستە تایبەتییەکان (وەک شکست لە ئەرکەکان، ئامانجەکان، یان چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان)ی خۆیەوە نییە، بەڵکو فۆرمێکی قووڵتری گوناهباری ئەزموون دەکات، کە پەیوەندی بە بوونی خۆیەوە هەیە.

بەشی یەکەمی ئەو تێڕوانینەی هایدگەر ئەوەیە، کە دازاین بەهۆی شکستە کەسییەکان و بڕیارە دەرەکییەکانەوە، بارگرانیی و گوناهباریی لەسەر نییە. بەشی دووەمی تێڕوانینەکەشی هەستکردن بە گوناهـ لە ئاستێکی قوڵتری بوونایەتیدایە. واتە گوناهباریی بوونگەرایی لە هۆشیارییەکەوە سەرهەڵدەدات، کە مرۆڤ چۆن ژیاوە، هەڵبژاردەکانی چی بوون و چۆن پۆلێنیکردوون، یان ئەوەی توانای ئەوەی دەبوو، کە زیاتر ڕەسەنایەتی بەرجەستە بکات و لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ بێت! ڕەنگە دازاین هەست بە گوناهباری بکات کاتێک بزانێت، کە بە شێوەیەکی ڕەسەن نەژیاوە یان خۆی بە دەست فشار و نۆرم و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکانەوە داوە. ئەم گوناهبارییە بوونگەراییە ئاماژەیە بۆ پچڕانی پەیوەندی نێوان خودی ڕاستەقینەی مرۆڤ و ئەو خودەی کە پێشکەش بە جیهان دەکرێت.

هەروەها لێکدانەوەیەکی تری ئەو تێڕوانینەی هایدگەر دەکرێت ئەوە بێت، کە بوونی دازاین هەمیشە بە کەسانی ترەوە بەستراوەتەوە. دانپێدانانی ئەم پەیوەندییە بەیەکترییەوە، دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی گوناهباریی بوونگەرایی، بەو پێیەی ڕەنگە مرۆڤ لەبەر کاریگەرییەکانی بوونی خۆی لەسەر ئەوانی دیکە و جیهان بە گشتی، هەست بە بەرپرسیارێتی بکات. هەر لەبەرئەوە گوناهباریی بوونگەرایی وەک جۆرێک لە هۆشیاریی دازاین کاردەکات، بۆ ئەوەی بیر لە هەڵبژاردنەکانی، پەیوەندییەکانی، بوونی گشتی خۆی بکاتەوە. هانی دازاین دەدات بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ بەها و پرۆژە لە پێشترینەکانی بکاتەوە و بە شێوازێکی تری ڕەسەنانەی بوون بگات.

(ڕۆڵۆ مەی) لە کتێبەکەیدا (مانای دڵەڕاوکێ)، کە تێیدا بەدواداچوون بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە دڵەڕاوکێ، ئەزموونی مرۆڤ و گەڕان بەدوای مانا لە جیهانێکدا، کە بە خێرایی بەر گۆڕانکاریی دەکەوێت، دەکات. لەوێدا دوو چەمک دەخاتە ڕوو، کە ئەوانیش بریتین لە (جیهانی خۆ-Eigenwelt) و (لەگەڵ جیهان-Mitwelt). جیهانی خۆ ئاماژەیە بۆ جیهانی کەسیی مرۆڤ، کە تایبەتمەندە بە بیرکردنەوە و ئەزموونە کەسی و ناوەکییەکانی تاک. هەرچی چەمکی دووهەمیشە پەیوەندی بە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکان و کاریگەریی ئەوانیترەوە هەیە لەسەر هەست و بیرکردنەوەی مرۆڤ. بریتییە لە چۆنییەتی پەیوەندیی تاک بە ئەوانیترەوە و کارلێککردنی لەگەڵ جیهانی دەوروبەری.(May 1958: 61-63). هەروەها (بڕوانە May 1950: 50-53).

بۆ نموونە بیهێنە بەرچاوت کە (نالی: وا گریمانە دەکەین ئێستا لە ژیاندایە) هەموو توانا هونەرییەکانی خۆی و موکوڕی خۆی لەسەر داهێنانەکانی بە گرنگ دەزانێت. کەواتە (جیهانی خۆ)ی نالی بە هەستە ناوەکی و بیرکردنەوە و پرۆسەی داهێنەرانەی نالییەوە دەناسرێتەوە. نالی لێرەدا بە ڕێژەیەکی زۆر هەست بە ڕەسەنایەتی و پەیوەندییەکی بەتینی خۆی، لەگەڵ ناوەوەی خۆی دەکات.

تەبعی شـەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا
ئیمتیحانی خۆیە مەقســوودی، لە عەمدەن وادەکا (نالی ١٣٨٧: ١٠٢)

ئێستا ئەگەر بەشێوەیەکی تر بیهێنینە پێش چاوت؛ کاتێک نالی لەگەڵ شاعیران و شیعردۆستاندا بەشداری کۆڕێک یاخود گفتوگۆیەکی ئەدەبی دەکات واتە (لەگەڵ جیهان)دا، نالی لەگەڵیاندا کارلێک دەکات، لەم ژینگە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەدا بەشداری گفتوگۆکان دەکات، تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی ئەوانی تر لەسەر شیعرەکانی وەردەگرێت و تێبینی ئەوە دەکات، کە چۆن شیعرەکانی لەلایەنی ئەوانی ترەوە پێشوازی لێدەکرێن. کەواتە هەستی نالی بۆ خۆ لەژێر کاریگەری کارلێکە کۆمەڵایەتی و دیدگا ئەدەبی و ڕەخنەییەکاندایە و کەوتۆتە بەر کاریگەریی هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی شیعرەکانی خۆی لەگەڵ شیعری شاعیرانی تردا.

شـیعری خەڵقی کەی دەگاتە شـیعری من بۆ نازکی
کەی لە دیقەتـدا پەتـک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکـا (هەمان سەرچاوە: ١٠٤)

لەم نموونەیەوە تێدەگەین (جیهانی خۆی نالی)، کە نوێنەرایەتی هەوڵ و دنیابینی نالی خۆی دەکات، لەگەڵ لایەنەکەی تری (لەگەڵ جیهانی نالی) کە بریتییە لە کارلێک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەکانی نالی، ناسنامەی نالی لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکە و لە چوارچێوەیەکی ئەدەبیدا لەقاڵب دەدەن. لە ڕێگەی بەراوردکاریی (جیهانی خۆ) و (لەگەڵ جیهان)دا، دەتوانین لە ئەزموونە نێوەکی و پەیوەندی و کارلێکە دەرەکییەکانی نالی تێبگەین و هەڵوێست و کرداری نالی بناسین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نالی "لەنێو جیهاندایە و بێ جیهان نابێت". (کەمال ٢٠١٩: ٩١).

لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە لە بوونگەرایی ئەخـلاقـیدا "چـەمـکی بـەرپـرسـیـاریـتـی ڕۆڵـی دیسپلینکردن دەبینێت".(ماکواری ٢٠١٣: ٣٤٥)، چونکە بیرۆکەی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لەلایەن مرۆڤەوە لە بەرامبەر هەڵبژاردن و کردارەکانیدا وەک فۆرمێک لە دیسیپلین یان سنووردارکردن بەسەر ئازادیی مرۆڤدا کاردەکات. لە کاتێکدا ئەخلاقی بوونگەرایی جەخت لەسەر ئازادیی تاک دەکاتەوە، بـەڵام دان بە سەنگی ئـەو بەرپرسیارێتییەشدا دەنێت، کە لەگەڵیدا دروست دەبێت. وەرگرتنی بەرپرسیارێتی لە کردەوەکانماندا واتە دانان بەوەی کە هەڵبژاردنەکانمان دەرئەنجامیان هەیە و دەبێت بارگرانی ئەو دەرئەنجامانەش هەڵبگرین. (بڕوانە: کەمال ٢٠١٩: ٦٧–٦٨). بەم شێوەیە چەمکی بەرپرسیارێتی وەک سنوورێک بۆ ئازادیی ڕەها تەماشا دەکرێت، لە کاتێکدا کە بوونگەراییەکان جەخت لەسەر گرنگیی ئازادیی تاکەکەسی دەکەنەوە، بەڵام دان بەوەدا دەنێن، کە ئازادیی ڕاستەقینە پەیوەندی بە دەربازبوون لە دەرئەنجامەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە وەرگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییەوە هەیە کە لەگەڵ هەڵبژاردنەکاندا دێتە ئاراوە.

بە گشتی و وەکو کرۆکی تیۆریای ئەخلاقی بوونگەرایی دەتوانین بڵێین، گوناهباری بەشێکی حەتمییە لە بوونی مرۆڤ و مرۆڤبوون. گوناهباریی بوونگەرایی لە ئەنجامی هۆشیاریی گشتی چەند چەمکێکی بنەڕەتیی بیرکردنەوەی بوونگەراییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەو چەمکانەش بریتین لە:

١. مرۆڤەکان لـەدەرەوەی ژیانی سـەر زەوی بوونیان نییە.

٢. مردن شتێکی حەتمییە.

٣. ژیان هیچ مانایەکی نییە ەتا مرۆڤ ئەو مانایەی بۆ دروست نەکات.

٤. هەموو کەسێک بەرپرسیارە لە ەهڵبژاردنەکانی خۆی.

٥. هەڵبژاردنی ڕاستگۆیانە، هەمیشە باشترین هەڵبژاردنەکان نین.

بۆیـە ڕوودەدات، گـوناهـباری پـەیـوەنـدی بە

هەڵبژاردنی دروستەوە دەبێت و هەموو ئەگەر و تواناکان لە ژیانی مرۆڤدا بەدی نەهێنرێن. هەروەها ئەگەر بمانەوێت بەڕاستی بوونەوەرێکی بێگوناهـ بین، دەبێت تاوانباریی سروشتی لە خۆماندا قبووڵ بکەین. ئەگەر ئەوە نەکەین، بەردەوام وەسوەسەی دۆخی بێگوناهی ڕواڵەتیمان دەبێت. ئەم تێڕوانینە لێرەدا مەرج نییە ئاماژە بە کردەوە یان گوناهێکی تایبەت بکات، بەڵکو ئاماژەیە بۆ هۆشیارییەکی قـووڵ لە بـارودۆخـی مـرۆڤ، لـەوانـەش مـردن و سنـووردارکـردن و تـوانـای ئێمە بۆ ناسینەوە و تێگەیشتنی هـەردوو بنەماکەی ئەخلاق (چاکە و خـراپـە). تـاکـەکـان بـە ڕووبـەڕووبـوونـەوەی ئەم گوناهبارییە بوونگەراییە و قەبووڵکردنی، دەتوانن هەستێکی ڕەسەنتر لە خۆئاگابوون و خاکەڕایی لە خۆیاندا بەدەستبهێنن.

بەشی دووەم: سروشتی گوناهـ و بێمانایی لە شانۆنامەی (بۆ دۆزەخ، ئەی بێگوناهان)دا

لە سروشتی ئەدەبدا بنیاتێکی ئاڵۆزی فکر هەیە، لەوێوە نووسەر ورد و بە ئاگاییەکی زۆرەوە دەست بۆ چەندین پرسی گرنگ و هەستیار لە بیرکردنەوەی خۆیدا لە لایـەکـەوە، هـەروەهـا لـە بیرکردنەوەی خوێنەرەکانیدا لە لایەکی ترەوە، دەبات. ئەم پرسانە دەکرێت پرسگەلێکی ئەزەلی بن، بـەڵام بە فۆڕم و بنیاتی نوێوە لە ژیانی هاوچەرخی مرۆڤایەتیدا بێنەوە پێش دەم و داوای خوێندنەوە و تێڕامانی نوێ بکەن. پرسی (گوناهـ) یەکێک لەو پرسە گرنگانەیە، کە لە سەرەتاترین بابەتەکانی تێڕامان و تێفکرین بوون. ئەگەر لە پێشتردا (گوناهـ) پرسێکی ئایینی یاخود فەلسەفی بووبێت، ئەوا بۆ ژیانی ئەمڕۆ، لە پاڵ ئەواندا بۆ ئەدەبیش دەبێتە پرسێک و بابەتێکی گرنگ.

ئەدەب بە گشتی ئەگەر بە ئاشکراش نەبێت، ئەوا لە بنیاتی شاراوەی خۆیدا، لەسەر دوو پایەی گرنگی ئەخلاقی (چاکە و خراپە) خوێندنەوە و تێڕامانی خۆی بۆ ژیان و بوونی مرۆیی دەخاتە ڕوو.(بڕوانە: أحمد ٢٠٢٣) "بۆ دۆزەخ ئەی بێگوناهان" تێکستێکی ئەدەبی قوڵ و گرنگە، کە تێیدا سەرنجێکی نوێ سەبارەت بە چەمک و سروشتی گوناهـ لە ژیانی نوێدا پێشکەش دەکـات. لێرەدا ئەگەرچی مرۆڤ هەڵگری تاوانێکی ئەزەلییە و هەر خەتاکارە، بەڵام ئەو پرسەی بە ئاڕاستەیەکی نوێدا بـردووە و لە بنـەوەڕا دەستکاریی سروشت و مانای گوناهی کردووە (دنیایەک کە مرۆڤ تێیدا گوناهبارە چونکە قەرزدارە). ئەم دەستکاریکردنەی چەمکی گوناهـ لە بنیاتە فکری و فەلسەفییەکەی دنیای نوێی مرۆڤایەتی بەدەر نییە. وەک ئەوەی (بەختیار) دەڵێت:"لە دونیای مۆدێرندا زۆری ئەو حوکمانەی مرۆڤ لە ژێریاندا وەک گوناهبار دەناسرێت کەمتر دەبنـەوە، بەڵام لەبری ئـەوە هەستێکی ئاڵۆز، تـەمـاوی، نادیار و گشتی بە گوناهـ جێگای دەگرێتەوە".(بەختیار ٢٠٢١: ١٢٣-١٢٤).

شانۆگەرییەکە ئەو جیهانە پیشانی خوێنەرەکانی دەدات، کە تاک بە بێ ئەوەی ئاگاداربێت، دەکەوێتە نێو گێژاوی بەها و پێوەری ترسناکی ئایدۆلۆجیایەکی ترسناک. هـەر لـەبـەرئـەوە شانۆنامەکە بەشێکی دانـەبـڕاوە لـەو گـوتـارەی بەختـیـار سـەبـارەت بـە پـرسـە ئـەخـلاقییـەکـان و سـروشـتـی مـرۆڤ پێشکەشیکردووە. گوتارێک، کە لەسەر دەرخستنی دیوی پارچەپارچەبووی بکەرە ئەخلاقییەکان لە نێو سیستەمێکی فاشیستدا، ئیشدەکات. (علی ٢٠٢١: ٢٢١). ئەوە لە کاتێکدا ئەخلاقی بوونگەرایی لەسەر بەرپرسیارێتیی تاک و ئـازادی هەڵبژاردن جەخت دەکاتەوە و سەرنجی تەواوی لەسەر ڕەسەنایەتی

و ئەو بیرۆکەیەیە، کە تاک بە پێی خواست و بەهای ڕاستەقینەی خۆی مامەڵە بکات. کەچی لە بەرامبەردا پارچەپارچەبوونی بکەری ئەخلاقی لە نێوان خۆگونجاندن لەگەڵ بەها دەرەکییەکان و مانەوە لەگەڵ بەها و باوەڕە ڕەسەنە خودییەکانیدا سەیر دەکرێت.

پێکهاتەی سەرەتای دیمەنی یەکەمی شانۆگەرییەکە، کە دەکرێت وەکو چەقی ڕووداوەکانی نێو شانۆنامەکەیش تەماشا بکرێت، پێکهاتووە لە زیندانییەک، کە تێیدا پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە، (مستەفا ڕێبەر) لەسەر جێگایەکی تایبەت بەخۆی لە زیندانەکەدا خەوتووە، لەلایەن پاسەوانێکەوە چاودێری زیندانەکە دەکرێت. کەشێکی توندی زیندانیکردن دینامیکی دەسەڵات دروست دەکات. بە تایبەتی لەو کاتەدا کە دوو پیاوی قاتڵەبەر دێن و بە ئاماژەیەک پاسەوانەکە تێدەگەیەنن، کە دەرگای زیندانییەکەیان بۆ بکاتەوە. ئەم بارودۆخە لە سەرەتاوە ئاماژەیەکە بۆ بێمانایی بارودۆخی مرۆڤ لە جیهاندا، بە تایبەتی تاکەکانی کە وەکو (مستەفا ڕێبەر)ن، خۆیان لە هەلومەرجێکدا دەبیننەوە کە لە دەرەوەی ئیرادە و ویستی خۆیاندان.

خەوتنی مستەفا لەسەر دۆشەکێکی سپی، نمایندەی ئاسوودەیی یاخود موکورییەکی بێبنەمای مستەفا لەبەرامبەر واقعێکی سەختدا دەکات. ئەو جلانەی کە لەسەر سەرییەوە هەڵواسراون، وا گریمانە دەکرێت، کە ئاماژەیە بۆ هەڵوێست و کردارەکانی ڕابردووی. لەبەرئەوە دەکرێت جل و دۆشەکی سپی و بە ئاسوودەیی خەوتن، مانای هەڵگرتن و قەبوڵکردنی بەرپرسیارێتیی دەرئەنجامەکان لەلایەن بکەری ئەخلاقییەوە بگەیەنێت. زیندان وەک خانەی زیندانیکردنێکی فیزیکی، میتافۆرێکە و ڕەنگدانەوەی ئەو لە قاڵبدان و سنووردارکردنەیە، کە تاکەکان لە ژیانیاندا ڕووبەڕوویان دەبنەوە. ئەم وێنە گشتییە جەخت لەسەر بیرۆکەیەکی بوونگەرایی دەکاتەوە، کە تاک لە جیهانێکدا گیری خواردووە، کە تێیدا هەست بە پووچی و بێمانایی دەکات و ئازادیی تاک و هەڵبژاردنەکانی سنووردار کراون.

دەرکەوتنی دیمەنی زیندان و پاسەوان و دوو پیاوی قاتڵەبەر، تیشک دەخاتە سەر داینامیکی دەسەڵات و ململانێ بۆ کۆنترۆڵکردن. ئەوەش بۆخۆی جەختکردنەوەیە لەسەر تەوەرێکی گرنگی بوونگەرایی، کە تاک ڕووبەڕووی هێزە دەرەکییەکان دەکاتەوە. ململانێیەکە، کە هەر لایەنێکیان کار بۆ سنووردارکردن و بێدەسەڵاتکردنی ئەوی تریان دەکات. هەر لە ڕێگەی وێنەی زیندانەوە لە شانۆگەرییەکەدا، پرسیارەکان سەبارەت بە ئەخلاق و گوناه و بەرپرسیارێتی، زەق دەبنەوە. بوونی گوناه و ململانێی تاک بۆ گەڕان بەدوای مانادا، تاک دەخاتە نێو بارودۆخێکی ئاڵۆزی گەڕان بەدوای هەڵبژاردەی ئەخلاقی دروست لە جیهانێکدا، کە ڕەنگە بە ڕەهایی بەدەست نەهێنرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی ناڕوونیی ئەخلاقی و نیگەرانیی بوونگەرایی لێدەکەوێتەوە.

هەروەها دەکرێت وای تێبگەین، کە خەوتنی مستەفا لەسەر دۆشەکێکی سپی و جلەکانی، کە لەژوور سەرییەوە هەڵواسراون دیمەنێکی جێگیر و نەگۆڕە و هێمایە بۆ بێمانایی ژیان و کەموکوڕی لە سروشتی مرۆڤدا. ئاماژەیە بۆ ئەوەی زۆرجار مرۆڤ لە سوڕی کردار و ململانێی بێماناداا گیریخواردووە و لە دۆخێکدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئیدی ئازادی نەماوە و بەدەست هێز و ئاڕاستەکانی دەرەوەی خۆیەوە بۆتە لێبوکێک.

بەو شێوەیە یەکەمین دیمەن، تەواو بێدەنگە. هیچ

پەیوەندییەکی زارەکی تێدا نییە. ئەم دیمەنە ڕەنگە جەخت لەسەر نەبوونی پەیوەندی و جیابوونەوەی بوونایەتیی تاکەکان بکاتەوە. تیشک دەخاتە سەر نەبوونی پەیوەندییەکی ڕاستەقینە لەگەڵ ئەوانی دیکە لە جیهانێکدا، کە دەتوانرێت تێیدا لە بنەڕەتەوە هەست بە تەنیایی و بێباکی بکرێت. ئەم دۆخە ڕەنگە ململانێی تاکەکان لەگەڵ بێمانایی بوون و سنووردابوونی پەیوەندیی مرۆڤ لە گەیاندنی ڕاستییە ناوەکییە قوڵەکاندا یان هەستەکاندا، لەخۆ بگرێت.

ئەم شانۆگەرییە چەمکی گوناهـ دەباتەوە نێو سیستەم و بازنەی باوەڕێکی توندی ئەخلاقی، کە هیچ نەرمییەکی تێدا بەدیناکرێت. سیستەمێک کە وەک ئامێرێکی داتاشینی گوناهـ و سزا بۆ مرۆڤەکانی نێوی، کار دەکات. هەموو پێکهاتەکانی سیستەم (خێزان و کۆمەڵگە، سیاسەت و دەوڵەت و دین...هتد) کار بۆ ئەوە دەکەن مرۆڤ بە گوناهـ باربکەن. وەک ئەوەی بەختیار دەڵێت:"شانۆگەرییەکە هەوڵێکە بۆ دەرخستن و نیشاندانی ئەو دۆخە. مرۆڤ گوناهی نادیاری نادرێتە پاڵ،... بەڵکو تەواوی سیستەمەکە لەسەر کۆنکرێتکردن و بەرجەستەکردنی گوناهـ ئیش دەکات.".(عەلی ٢٠٢١: ٢٤٣).

لە شانۆنامەکەدا مستەفا ڕووبەڕووی بارودۆخێک دەبێتەوە، کە تێیدا تاوانبار دەکرێت، لەبەرئەوەی قەدرزانینی نییە بۆ ئەو چاکە گشتیانەی دامەزراوە دەوڵەتی و کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانی کۆمەڵگەکەی پێشکەشیانکردووە و هەست بە تاوان ناکات. لەوبارەیەوە قۆمیسەر پێی دەڵێت:

"ئەوەی بەو جۆرە هەست بە بێگوناهی دەکەیت هۆکەی ئەوەیە خۆت بە قەرزدار نازانیت. خۆت بە قەرزداری وڵاتە خۆشەویستەکەمان نازانیت کە تۆی بەخێوکردووە. سوپا قارەمانەکەمان کاتێک ئەفسەر و سەربازەکانی تۆ دەپارێزن. پیاوە ئایینییەکانمان کاتێک شێلگیرانە بوونەتە پاسەوانی ئەخلاق. ... تۆ قەرزارێکی زۆریت، بەڵام ئەوەی وا هەست دەکەیت قەرزارنیت، وا دەکات هەست بە گوناهـ نەکەیت.".(عەلی ٢٠٢١: ١٩)[1].

لە شانۆنامەکەدا هەوڵەکانی سیستەم زۆرن بۆ ئەوەی وا لە تاک بکەن ببێتە بەشێک لە بنیاتی سیستەم، واتە وەکو هەر تاکێکی تری نێو سیستەم، ئەویش هەڵگری هەمان بەها و بیرکردنەوە بێت، کە ئایدۆلۆجیا، یاخود تەواوی پێکهاتەکانی سیستەم لەسەری ڕێککەوتوون. هەست و سۆزی کۆگەل، هێز و ئیرادە ئەخلاقییەکان ئاڕاستە دەکات. ئەو بیرکردنەوەیە گەشە پێدەدات کە کۆمەڵگە دروستکەر و خاوەنی ئەو چەمکانەیە، کە زۆرینە لەسەری پێکهاتوون و باوەڕیان پێیەتی.

لێرەدا گرنگە ئیستێک لەسەر جیاوازییەک لە نێوان (تاوان و گوناهـ) بکەین. تاوان بە شێوەیەکی ئاسایی لە ڕێگەی سیستەمی یاسایی و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێناسە دەکرێت. ئەوە لە کاتێکدا گوناهـ پەیوەندی بە بنەما ئەخلاقییەکانی ئایین، یاخود کۆدە ئەخلاقییە کەسییەکانەوە هەیە. هەر لەبەرئەوە دەبینین سزای تاوان لەلایەن یاساوە دیاری دەکرێت و لە ڕێگەی دەوڵەتەوە جێبەجێدەکرێت، لە بەرامبەردا سزای گوناهـ ، لەگەڵ سروشتی ڕوح و ڕوانگەی ئەخلاقیمان بۆ کار و هەڵوێستەکانمان تەماشا دەکرێت. کاریگەریی گوناهـ زیاتر پەیوەندی بە ژیانی دوارۆژەوە هەیە، یاخود لە خۆتاوانبارکردن و پەشیمانیدا ڕەنگ دەداتەوە. بەڵام لەو ڕووەوە کە هەردووکیان (واتە چ تاوان و چ گوناهـ) پەیوەندییان بە ئازادیی تاکەوە هەیە، دەکرێت لە ساتەوەختێکدا پڕۆژە و بڕیار و هەڵبژاردنی تاک بن. لە ئەنجامیشدا

١ – لێرە بەدواوە، هەر دەقێکی شانۆنامەکە وەربگیرێت، تەنها ئاماژە بە ژمارەی لاپەڕەکەی دەکرێت.

بۆ ئەخلاقی بوونگەرایی دەبێتە پرسێکی گرنگی لێکۆڵینەوە و تێڕامان.

زۆرجار بێمانایی لە دەقدا خوێنەر ناچار دەکات ڕووبەڕووی ڕاستییە بەئازارەکان سەبارەت بە واقیع و ئەخلاق و بارودۆخی مرۆڤ، ببێتەوە. چ لە ڕووی ناوەڕۆک و چ لە ڕووی فۆرمەوە وەک: (ناڕوونی لا ١٢١. گێڕانەوەی نالۆجیکی لا ٨٥. دووبارەکردنەوەی هەمان دەربڕین لا ٨، ١٠، ١١، ٢٤. هەستگۆڕکێ لا ٤٨، ٥٨. دوودڵی و دڵەڕاوکێی کاراکتەرەکان لا ٣٣.) شانۆنامەکە دەخەنە خانەی ژانری بێماناییەوە. کاتێک خوێنەر لەسەرەتاوە شانۆنامەکە دەخوێنێتەوە، لەگەڵ مستەفا ڕێبەری بێگوناهدا هاوسۆزی دەردەبڕێت، بەڵام لە دیمەنی دەیەمدا (کاتێک مستەفا دەیەوێت بەڕێوەبەری کتێبخانە ڕازی بکات بۆ ئەوەی ببێتە گەواهیدەری تاوانەکەی)، خوێنەر تووشی شڵەژان و دڵەڕاوکێ دەبێتەوە:"مستەفا گوێبگرە کوڕم من بەڕێوەبەری ئەم کتێبخانەیە بووم. دەزانم ئەو ڕۆژەی کتێبخانەکە سووتا تۆ چ ئازارێکت چەشت. چۆن داوام لێدەکەیت درۆی وا بکەم؟ بیرت نییە چەندە گریای؟ بیرت نییە دەتویست خۆت فڕێبدەیتە ناو ئاگرەکەوە کتێبەکان ڕزگار بکەیت؟".(لا ٨٥). ئەم دیمەنە بەشێکی دیمەنە گشتییە نالۆجیکییەکەی شانۆنامەکەیە، مستەفا داوا لە تاوانباری سەرەکیی سوتانی کتێبخانەکە دەکات، بێت گەواهی ئەوەی بۆ بدات کە ئەو (واتە مستەفا) کتێبخانەکەی سووتاندووە، لە کاتێکدا بەڕێوەبەری کتێبخانە ئەوەی بۆ مستەفا ئاشکرا کردووە، کە خۆی (واتە بەڕێوەبەر) تاوانبارە.

لێرەوە بێمانایی لە دەقەکەدا ئاماژەیە بۆ شێوازێکی نووسین، کە تیشک دەخاتە سەر بێمانایی گەردوون و هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ ئەوەی مانای پێببەخشێت. مستەفا ڕێبەر خەباتی دیاری کاراکتەرە بۆ دۆزینەوە و بەخشینی هەر مانایەک بە ژیان. لەبری ئەوەی بگات بە هەر ڕێگەیەکی ئاشکرای گەیشتن بە ئامانج، کەچی بە سەرلێشێواوی دەمێنێتەوە و تێدەگات، کە گەردوون جگە لە ئاژاوەیەک هیچی تر نییە.

(بۆ دۆزەخ ئەی بێگوناهان) شانۆنامەیەکی ساردکراوەیە[٢]. چیرۆکی پاڵەوانێکە، بەهۆی گوناهێکەوە دەستگیرکراوە، کە {لایەنیکەم لەسەرەتاوە} بۆی ئاشکرا نەکراوە. هەرچەندە پرسیار لەو کەسانە دەکات کە گوناهباری دەکەن و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکەن، بەڵام کەس پێی ناڵێت بەچی گوناهبارە و لەسەر چی لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت. بەو جۆرە شانۆنامەکە ئاماژە بە جۆرێک لە بێمانایی دەکات، کە لە ڕێگەی گۆشەگیریی مرۆیی و نەبوونی لۆجیکەوە خۆی دەردەخات.

لە کاتی شیکردنەوەی شانۆنامەی بۆ دۆزەخ ئەی بێگوناهاندا، یەکێک لەو تەوەرانەی تووشی دەبێت بریتییە لە گوناه و سزا، کە بە هەردووکیشیانەوە وێنەیەکی دراماتیکی لە ئازار دەکێشن. ئەم وێنەیە لەلایەن بوونێکی باڵاوە و پەیوەست بە خراپەکاریی جیهانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، کە تەنانەت بچووکترین ئاماژەکانی ڕزگاربوونیشی تێپەڕاندووە."ئێمە دژی ئەوەین کۆمەڵگا دابەش بکەینە سەر دوو بەش، بەشێکی گوناهبار و بەشێکی بێگوناه".(لا ٩٤). بێگومان لەو جۆرە بارودۆخەدا ڕەنگە مرۆڤ ئەو باوەڕە لەدەست نەدات، کە پێیوایە بۆ لە قاڵبدانی ئەوانی تر باشتروایە پەنا بۆ کۆنترۆڵکردنی دەروونی بەکۆمەڵ و دەستکاریی سۆزداری، ببرێت. لە جیهانێکی وادا بوونی باڵا حەز بەوە دەکات، کۆمەڵگە بەیەک شێوە بیربکەنەوە

٢ – بەو مانایە دێت کە ڕووداوەکانی نێو شانۆنامەکە هەستێکی ترس و دڵەڕاوکێ دەوروژێنن یان تیشک دەخەنە سەر پوچی و بێمانایی لە ژیاندا. بەو شێوەیە لە ئاستێکی قووڵی دەروونیدا دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی لەگەڵ خوێنەرەکانیدا دەبێت.

و هەڵوێست و کردار بنوێنن، هەتا لەو ڕێگەیەوە دەست بە گوناهباریی کۆگەلی بکرێت.

لە دیارترین ئەو هەنگاوەی کە نوخبەی باڵادەست بۆ لە قاڵبدانی تاک دەیگرێتەبەر، بریتییە لە گەڕاندنەوە و قەتیسکردنی تاک بۆ نێو کۆمەڵ و لەنێو کۆمەڵدا. چونکە لە بیرکردنەوەی نوخبەی باڵادەستدا، تاک بەو شێوەیە کەوی دەبێت، کە هەمیشە وا بیربکاتەوە لە غەمی ئەوانی تری نێو کۆمەڵەکەیدا بێت و ئەوانی تریش بە غەمخۆری خۆی ببێنێت، هەتا لەو ڕێگەیەوە هەمیشە بەرامبەر بە ئەوانی تر خۆی بە گوناهبار بزانێت. بە ڕوونی ئەو بیرکردنەوە سەردەستییە لە شانۆنامەکەدا دەبینرێت، کە قۆمیسەر، مەلا، یاسا، خێزان... نوێنەرایەتی دەکەن. مستەفا دەبێتە گەواهیدەر بەسەر خیانەتی ژنەکەیەوە، چونکە وا دەزانێت بەو کارەی خۆی و ژنەکەشی ڕزگار دەکات. (لا ١٢٢).

لێرەدا سروشتی ئازار بەو شێوەیەیە کە نوخبە بە زۆرەملێ لە بیرکردنەوە و دەروونی ئەوانی تردا دروستی دەکات، لەبەرئەوە خوێنەری دەقەکە ئەو باوەڕەی بۆ دروست دەبێت، کە (ئازار) ئازادانە و ئازایانە قەبوڵ ناکرێت و ڕەوشت و بەزەیی و دانایی و بنەماداری لە تاکدا چالاک ناکات. "سەیرە من هیچ کات لە خواستی چاکە و لە ئارەزووی باش زیاتر خراپەیەکەم بۆ دەوروبەری خۆم نەبووە. بۆ دەیانەوێت بەشداری کوشتنەکەم بکەن؟".(لا ١٣٠). هەر ئەو بارودۆخە لەلای کاراکتەرەکانی بەگشتی و (مستەفا) بەتایبەتی لە پێشکەشکردنی وەشانێکی عەقڵانیتر لەوەی، کە (لە چوارچێوەی مرۆڤایەتیدا من کێم؟) و (چۆن دەتوانم یارمەتیدەر بم؟) ڕێگری دەکات.

لە شانۆنامەکەدا مستەفا گوناهبارە لەبەرئەوەی مرۆڤبوونی خۆی قەبوڵ ناکات، ئەم گوناهە بە درێژایی مەودای شانۆنامەکە دیار نییە، بەڵکو وردە وردە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ خوێنەرەکەی ئاشکرا دەبێت. سەرەڕای گومان و کەموکوڕییەکانی خۆی، مستەفا نکوڵی لە گوناهباریی خۆی دەکات، کە لە جەوهەردا نکوڵیکردنە لە خودی مرۆڤبوونی خۆی. لەڕاستیدا {لە دەرەوەی هەر خوێندنەوەیەکی پێکهاتەییەوە} هەر بۆ ئەم گوناهەیە کە نوخبە بەدوایدا دەگەڕێت، چونکە ئەگەر تەنیا ئەو گوناهە قەبوڵ بکات کە لە مرۆڤبووندا هەیە، ئەوا ڕووداوەکان بەبێ هیچ کێشەیەک بەرەو پێشەوە دەچن. جێگەی تێڕامانە کە ئەم باوەڕە بەشێکە لە لێکدانەوەی بوونگەرایی و ئایینی بۆ لێکدانەوەی شانۆنامەکە، چونکە ئەو بیرۆکەیەی کە مرۆڤبوون گوناهباربوونە لە هەردوو بیرکردنەوەی ئایینی و بوونگەراییەوە سەر هەڵدەدات. (پیاوی ئایینی) ئەم بیرۆکەیە بە ڕوونی دەگەیەنێت، کاتێک دەڵێت:"بێگوناهان جێگەیان دۆزەخە، چونکە وا دەزانن پێویستییان بەوە نییە لە خودا بپاڕێنەوە."(لا ١٣١). بەو تێڕوانینە شانۆنامەکە سروشتی گوناه لە لایەکەوە بەو دابڕان و قەدرنەزانینەی کە مرۆڤ هەڵگرییەتی، لە لایەکی تریشەوە بە ڕەتکردنەوەی سنووردارێتیی خۆی، دەبەستێتەوە.

لێرەدا گوناهی مرۆڤ گوناهێکی بۆماوەیی نییە، بەڵکو گوناهی مرۆڤ ئەوەیە کە، پێیوایە پێویستی بەگەڕانەوە نییە بۆ لای خودا یاخود (سیستەم و دەوڵەت). بۆیە بەو تێڕوانینەی پیاوی ئایینی مستەفا گوناهبار نییە لەبەر تاوانێکی ئاشکرا، بەڵکو گوناهی مستەفا ئەو دابڕان و خۆسەرییەیە، کە لەخۆیەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو ڕوانینە ڕووبڕکێی چەمکە نەریتییەکانی ئەخلاق دەکات، کە زۆرجار لە ڕێگەی پێوانە و یاسا گشتییەکانەوە سەرنجیان لەسەر هەڵە و سەرپێچییە دەرەکییەکانی مرۆڤە، لە جیاتی ئەوە

زیاتر لە بوونی مرۆڤدا قوڵدەبێتەوە. پێناسەکردنەوەی ئایین بۆ گوناهـ کە لە شانۆنامەکەدا هەیە، لەگەڵ ڕوانگەی ئەخلاقی بوونگەراییدا یەکدەگرێتەوە، چونکە ئەمیش (ئایین) پێیوایە مرۆڤەکان بە بێگوێدانە کردارەکانیان، لە بنەڕەتدا گوناهبارن و پێویستیان بە لێخۆشبوونی خودایە، لەبەرئەوە قەدرنەزانینی مستەفا بۆ خودا تەنها سەرپێچی و تاوانێک نییە، بەڵکو قووڵتر لەوە ڕەتکردنەوەی بوونی مرۆڤە وەک بوونێک، کە لەگەڵ بوونێکی گەورەتر لەخۆی لە پەیوەندیدایە. ئەم بابەتە لە بوونگەرایی ئایینیدا باسکراوە. (بڕوانە: أحمد ٢٠٢٤: ٢٢٣). هەروەها (بڕوانە: Kierkegaard 1989: 22–25).

لە شانۆنامەکەدا، کاتێک دوو فەرمانبەرەکە بە مستەفا دەڵێن: "...، دڵنیام کەسانی خوێندەواری وەک ئێوەش لە خەڵکی عەوام باشتر تێدەگەن...".(لا ٩)، ئەو هێڵە بۆ خوێنەر دیاری دەکەن، کە پێویستە لە ڕوانگە و ئاراستەی مەعریفییەوە بۆ چەمکی گوناهـ بڕوانێت، بەو شێوەیە خوێنەر پەیوەست دەکرێت بە دەرخستنی سروشتی گوناهـ بەو شێوەیەی، کە هەڵگری تایبەتمەندێتیی فەلسەفی و بنیاتێکی مرۆیی بێت، پێویستی بە شیکاری ڕەخنەیی هەبێت. بەو شێوەیە سروشتی گوناهـ لێڵە، جیاواز لەو تێگەیشتنە گشتییەی کە هەتا بۆی دەکرێت، وەک هەستی تاوانباری و شەرمەزاری و ترس لە گشتی، لە تاکدا بەرجەستەی دەکات. واتە لە تێگەیشتنی گشتیدا هەمیشە گوناهـ بە (ئایین، کاریگەریی کولتوور، نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان)ەوە دەبەسترێتەوە و کاریگەری لەسەر بڕیار و کرداری ئەخلاقی تاک دەبێت. گوناهـ تاک دەباتە نێو بارودۆخێکەوە، کە پێویستە دان بە گوناهباریی خۆیدا بنێت، پاشان تەوبە یان داوای لێبووردن بکات. لەبەرئەوە ئیشی"دەزگای نەهێشتنی بێتاوانی".(لا ٩). ئەوەیە کار لەسەر تاک بکات بۆ ئەوەی هەست بە گوناهباریی خۆی بکات. (لا ٤٥–٥٣).

هەر لەسەرەتاوە، کاری ئەم دەزگایە ئەوەیە (هەستی گوناهباری) لە پاڵەوانی شانۆنامەکەدا دروست بکات، وەک چۆن لە هەر کەسێکی تردا دروستی کردووە. دوای ئەوەی مستەفا زیندانی دەکرێت و موکوڕی لە بێگوناهی خۆی دەکات، کاتێک لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکەن، ئەگەری ئەنجامدانی هەندێک گوناهـ لە ڕابردووی مستەفادا، وەکو"کوشتن، پەلاماردان و لاقەکردنی ژنان، دزیکردن، سیخوڕیکردن، دژایەتی دامەزراوە حکومییەکان، جنێودان بە سەرۆک و مەرجەعە سیاسی و دینییەکان، قەرزکردن لە بانکە حکومی و ئەهلییەکان، نەدانی باج بە حکومەت."(بڕوانە: لا ١١–١٢)، بە بیری مستەفادا دەهێننەوە. هەموو ئەمانە تاوانی هاوبەشن لە نێوان گوناهناسیی دینی و گوناهناسی لە ژیان و سەردەمی نوێدا. لە شانۆنامەکەدا چ ڕۆڵی پیاوی ئایینی، چ گوناهیش بەشێکن لەو سیستەمەی کە ژیانی مۆدێرنیتە پێکدەهێنێت، یاخود ئاراستەی دەکات. هەربۆیە سروشتی گوناهـ لە شانۆنامەکەدا لێڵە و بەکەسی ناکرێت، بەڵکو گوناهـ مامەڵەیەکی ڕەمزی لەگەڵدا دەکرێت. هەربۆیە لەو جیهانەی کە شانۆنامەکە ئاماژەی پێدەکات، ئەگەرچی هێشتا پەیوەستە بە چەمکەکانی: تاوانباری، پەشیمانی، شەرمەزاری، تەوبەکردن، داوای لێبووردن. بەڵام گوناهـ چەمکێکی ئاشکرا و ڕوونی نییە.

بۆیە ڕووداوەکانی گوناهباری پەیوەندی بە هەڵبژاردنی دروستەوە هەبێت "ڕاستی جەنابی قۆمیسەر، من خۆم بە بێگوناهـ دەزانم، ئەوە شتێکە ناتوانم درۆی تێدا بکەم." (لا ١٨)، ئەگەرچی دەکرێت هەموو ئەگەر و تواناکان لە ژیانی مرۆڤدا بەدی

نەهێنێت. ئەم دیدگا بوونگەراییە بە پرۆسەی دادگاییکردنەکەوە لە شانۆنامەکەدا پەیوەندیدارە، مستەفا کە پێداگری و نکوڵی لە گوناهبارنەبوونی خۆی دەکات، وەک ئینکارییەکی بەردەوام لە مرۆڤبوونی خۆی و ملکەچ نەبوون بۆ بوونێکی لەخۆی باڵاتر لێکدەدرێتەوە. بەو شێوەیەش پرۆسەی دادگاییکردنەکە بەرەوپێش دەچێت، چونکە یاسا یاخود سیستەم کۆنترۆڵکردنی ئینکاری لە مرۆڤدا بە پێویست دەزانێت.

ئەرگەرچی مرۆڤ لە جیهانی نوێدا، ناچارە بە ئازادی خۆی و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی کارەکانی، سەرەڕای ئەم ئازادییە سروشتییە، بەڵام تاک بەردەوام کەوتۆتە بەر کاریگەری هێزە جۆراوجۆرەکان: نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، چاوەڕوانییە کولتوورییەکان، پەیوەندییە کەسییەکان، یان هەر هێزێکی تر، کە لە دەرەوە، ئازادی ئەو سنووردار دەکەن و پرۆژەکانی بۆ دیاری دەکەن. کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە بارودۆخێکی لەو شێوەیەوە، دەبێت یەکێتیی خۆی بپارێزێت و دژبەری هەموو هێزە دەرەکییەکان پارێزگاری لە ئازادی و بەها کەسییەکانی خۆی بکات، هەتا مانایەک بە بوونی خۆیی و جیهان ببەخشێت. ئەم ڕەهەندە بوونگەراییەی ئەخلاق لە شانۆنامەکەدا، هەر لەسەرەتاوە بەدیاردەکەوێت، دوای ئەوەی (قۆمیسەر) دۆسییەی لێکۆڵینەوە ئاڕاستەی مستەفا دەکات و دەیەوێت ئەو باوەڕەی لەلا دروستبکات، کە تاوانبارە، بەڵام مستەفا بەرگری لەخۆی دەکات و دەڵێت:

"کاتێک من کارێکی خراپم نەکردبێت بۆ خۆم لە تاوانەوە بگلێنم. ئەسڵەن هەر لە هەفتەی یەکەمەوە وازم لەوە هێنا بپرسم گوناهم چییە؟ ئەوەی مرۆڤێکی بێگوناهـ بۆ تاوانێک بگەڕێت خۆی پێ گوناهبار بکات، دژ بە پرەنسیپەکانی منە. لە ڕاستیدا دوای هەفتەیەک بڕیارمدا ئیتر نەپرسم گوناهم چییە، بۆ گیراوم، هەر خودی پرسیارەکە گەمژانەیە. ڕوونە من لەسەر هیچ خەتایەکی دیاریکراو نەگیراوم". (لا ١٧).

ئەم بەرگرییە مستەفا دەخاتە دۆخی سەلماندنی ڕەسەنایەتیی بوونی خۆی و بە گرنگییەوە سەیری بەها کەسییەکانی خۆی دەکات و بەرپرسیارێتیی ئازادییەکەی خۆی هەڵگرتووە. دژی ئەو هێزە دەوەستێتەوە، کە دەیەوێت بەهۆی گوناهێکەوە کە ئەنجامی نەداوە، لە قاڵبی بدات. کاتێک جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئیتر ئەو پرسیار لەسەر ئەوە ناکات، کە ئاخۆ ئەو گوناهی هەیە یاخود نا، ئاماژەیە بۆ بێمانایی ئەو دۆخەی کە مستەفای تێکەوتووە. لێرەدا ڕەتکردنەوەی قسەکردن لەسەر تاوانێک، کە ئەو ئەنجامی نەداوە، فۆرمێکی دیاریکراوی ئازادییە بۆ چۆنییەتیی وەڵامدانەوەی دۆخێکی لەو شێوەیە، کە ئەخلاقی بوونگەرایی جەختی لەسەر دەکاتەوە.

ئەگەر بپرسین لە کاتێکدا کتێبخانەی گشتی شار دەسووتێت و بکەر یاخود هۆکاری ڕاستەقینەی سووتانی کتێبخانەکە دیار نییە، دەکرێت فەرمانبەرێکی ئەو کتێبخانەیە هەست بە گوناهـ نەکات؟ لە ڕاستیدا بوونی مستەفا لە جیهانێکی لەو شێوەیەدا، گرنگە بوونێکی بەرپرسیارانە بێت. ئەو کە فەرمانبەری کتێبخانەکەیە، دەبێت سووتانی کتێبخانەکە وەکو بەشێک لە بوونی خۆی تەماشا بکات و وا هەست بکات، کە بەشێکە لە بەرپرسیارێتیی ئەو. ئەگەر بوون بە فەرمانبەری مستەفا لە کتێبخانەکەدا لە ئەنجامی هۆشیارییەوە بووبێت، یاخود نا، ئەوا مستەفا ناچارە دەرئەنجامی سووتانی کتێبخانەکە لە ئێستادا لەئەستۆ بگرێت.

کەواتە بوونی مستەفا لە جیهانێکدا کە کتێخانەی گشتی تێدا سووتاوە، وەکو چارەنووس و بوونی بەرپرسیارانەی مستەفا خۆی سەیر دەکرێت. ڕۆڵی ئەو وەک فەرمانبەرێکی کتێبخانە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا تێکەڵ بووە، کە لە دەوروبەریدا ڕوودەدەن. لەبەرئەوە دەبێت وەک بەشێک لە بوونی خۆی تەماشای سووتانی کتێبخانەکە بکات و ڕووبەڕووی دەرئەنجامەکانی سووتانی کتێبخانەکە ببێتەوە. مستەفا وەک فەرمانبەرێک پێویستە بەرپسیارێتیی ڕووداوەکە وەک بەشێک لە هەڵبژاردنی کارەکەی خۆی قەبوڵ بکات. لێرەوە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی ڕووداوەکە، دەتوانرێت وەکو دەرفەتێک بۆ مستەفا تەماشا بکرێت، هەتا لە ڕێگەیەوە بەرگری لە خاوەندارێتیی بوونی خۆی و ڕۆڵی ڕەسەنی خۆی بکات. چونکە لەو ڕێگەیەوە مستەفا ڕووبەڕووی واقیعی بوونی مرۆڤ دەکاتەوە، لەوانەش ئەو هەڵوێست و دەرئەنجە ئەخلاقییانەی، کە لە هەڵبژاردنەکانی مرۆڤەوە سەر هەڵدەدەن. هەربۆیە مستەفا تەنها چاودێر نییە و لەگەڵ ئەو جیهانەدا کە شانۆنامەکە ئاماژەی پێکردووە، بوونێکی دابراوی نییە، بەڵکو بەشدارییەکی گرنگ و سەرەکی هەیە و مانا بە هەڵبژاردنەکانی، کردارەکانی، وێنەی ئەخلاقیی ئەو دەبەخشن.

ئەو جیهانەی کە شانۆنامەکە ئاماژەی پێدەکات، جیاوازیی تاکەیەتی و ئازادییە کەسییەکانی تێدا فەرامۆش دەکرێن. لە جیهانێکی وەهادا هەستی بێتاوانی تاکەکان بۆ سەر نەزمی دامەزراوەیی مەترسییە. ئەم هەستە دەبێتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی گرژیی و نەگونجان لە نێوان خواستی تاک بۆ ڕەسەنایەتی و ئازادی، لەگەڵ بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییە چەسپاوەکاندا. لەم کاتەدا زۆرجار هەستی بێتاوانی لەلای دەبێتە هێزێکی تێکدەر و خۆنەگونجێن. هەربۆیە لە دۆخێکی وەهادا بۆ سیستەم وا پێویستە، کە هەموومان هەست بە گوناه بکەین، چونکە"وا دەکات هەستبکەین لە یەک دەچین و جیاوازییەکی گەورە لە نێوانماندا نییە."(لا ٨١). هەستی بێگوناهی لە تاکدا دەکرێت وەک ناتەباییەک لەگەڵ واقیعی سەختی کۆمەڵگایەکدا سەیر بکرێت، کە بەهای یەکسانیی هەمووان بە گرنگتر لە بەهای تاکایەتی دیاری دەکات. لە چوارچێوەی تیۆری ئەخلاقی بوونگەراییدا، پەیوەندی نێوان گوناهی ڕەسەن و بێمانایی، پەردە لەسەر کارلێک و پێکداچوونێکی قووڵ لە نێوان کردارەکانی مرۆڤ و دەرئەنجامەکانی و ئاژاوەی سروشتیی بووندا (واتە بەگشتی پشێوی، پێشبینینەکردن و بنیاتێکی هەرەمەکی، لایەنی بنەڕەتی ئەزموونی مرۆڤ و جیهانن) لادەبات.

چەمکی (گوناهی ڕەسەن) لەم توێژینەوەیەدا وەک هێمایەکی فەلسەفی بۆ سەرپێچی و کەموکوڕییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، کە خاڵی سەرەتای دووڕیانە ئەخلاقییەکان و گرفتە بوونگەراییەکان پێکدەهێنێت. ئەم چەمکە تاک بە پاشخانە مێژوویی و کردارەکانی ڕابردوویەوە دەبەستێتەوە و جەخت لەسەر ئەو مەیلی هەڵەکردنە دەکاتەوە کە لە سروشتی مرۆڤدا هەیە. لە جیهانێکی خاڵی لە مانای پێشوەختەدا، گوناهی ڕەسەن دەبێتە خاڵی دەستپێک بۆ گەڕان بەدوای مانا و (خۆ) پشکنینی ئەخلاقی؛ بەجۆرێک تاک ناچار دەکات ڕووبەڕووی ئاڵۆزییەکانی بڕیاردان ببێتەوە و لە دەرئەنجامە بوونگەراییەکانی کردارەکانی تێڕامێنێت و لێی بکۆڵێتەوە. لێرەوە، لە جەوهەردا ئەم چەمکە تەنها شکستێک نییە، بەڵکو وەک بزوێنەرێک بۆ بەرجەستەکردنی بەرپرسیارێتی لەنێو بێماناییدا کاردەکات.

هاوشانی ئەمە، چەمکی (بێمانایی) وەک تەوەرێکی ناوەندی لە ئەخلاقی بوونگەراییدا دەردەکەوێت. پەیوەندیی نێوان گوناهی ڕەسەن و بێمانایی، تیشک دەخاتە سەر لاوازیی مرۆڤ و سنووردار‌بوونی سەربەخۆیی تاک بەرامبەر بە هێزەکانی دەرەوەی خۆی. لە کاتێکدا مرۆڤ هەوڵی ڕزگاربوون و دۆزینەوەی مانا دەدات، کەچی زۆرجار ڕووبەڕووی بێهوودەیی دەبێتەوە، چونکە چارەنووس لەژێر کاریگەریی واقیعدایە نەک تەنها ئیرادە. لەم نێوەندەدا، (مردن) وەک سنووری کۆتایی ئەزموونی مرۆیی و چڵەپۆپەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بێماناییدا دێتە کایەوە. مردن، ئەگەر بە ئاگاییەوە وەک هەڵبژاردنێک سەیر بکرێت، دەبێتە پرۆژەیەکی گرنگ بۆ بەرهەمهێنانی مانای کەسی لە بەرامبەر دوایین کردەی نەگۆڕی ژیاندا، کە کۆتایی بە ململانێی نێوان گوناهـ و بوون دەهێنێت.

کەواتە چەقی ئەخلاقی بوونگەرایی ئەو بیرۆکەیە، کە -بوون پێش جەوهەر دەکەوێت- مرۆڤەکان بە ئامانجێکی پێشوەختە دیاریکراوەوە لەدایک نابن؛ بەڵکو لە ڕێگەی کردار و هەڵبژاردنەکانیانەوە مانای خۆیان دروست دەکەن. (عەلی ٢٠١٨: ١٨١). مردن لایەنێکی ڕەخنەگرانەی ئەم بیرکردنەوە ئەخلاقییەیە، بەو پێیەی وەک بیرهێنانەوەیەک بۆ سروشتی سنوورداریێتیمان و ساتەکیی ژیانی ڕەسەنایەتیمان (واتە سازش نەکردن لە ڕەسەنایەتیی مرۆڤ لەبەر فشار یاخود چاوەڕوانییە دەرەکییەکان) دەبینرێت.

"قۆمیسەر: سزای مردن قورسترین سزایەکە کە هەیە. دەزانیت بۆ؟

مستەفا: نازانم، سزای مردن بۆ دەبێت قورس بێت. من خۆم سزای مردنم لە دیلێتیی پێباشترە...

قۆمیسەر: بەڵام کەم کەس داوای سزای مردن دەکەن. سزای مەرگ زۆر قورسە.

مستەفا: بۆ من لە زیندانییەکی دوورودرێژ ئاسانترە." (لا ١١١-١١٢).

مستەفا هەوڵدەدات لە ڕێگەی هەڵبژاردن و جێبەجێکردنێکی ئازادانەی سزای مردنی خۆیەوە، کۆنترۆڵی بوونی خۆی لە دۆخێکدا دووپات بکاتەوە، کە هەست دەکات بە شێوەیەکی فراوان هێزە دەرەکییەکان بوونی ئەویان داگیر کردووە. چونکە ململانێی نێوان نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەسەنایەتیی تاکەکەسی؛ هەروەها فشار بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ستانداردە ئەخلاقییە دەرەکییەکاندا، بۆتە هۆی ئەوەی مستەفا تاوانباری و شەرمەزاری بکات بە بابەتێکی ناوەکی خۆی، تەنانەت لەکاتێکدا لە بنەڕەتەوە تاوانێک بۆ مستەفا بوونی نییە. لەبەرئەوە قەبوڵکردنی مردن وەک سزا، ڕەتکردنەوەی بەزۆری تاوانباری و دروستکردنی هەستی گوناهبارییە لە تاکدا. لەو ڕێگەیەشەوە مستەفا هەوڵدەدات بوونی ڕەسەنی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، کە لە ئەنجامی خۆبەدەستەوەدانی بۆ سیستەم و بەها دەرەکییەکانی خۆیەوە، لە دەستی دابوو.

لەبەرئەوە لایەنێکی گرنگی هەڵبژاردنی سزای مردن لەلایەن مستەفاوە و جێبەجیکردنی سزاکە لەلایەن ئەوانی ترەوە، بۆ ئەوەیە ناوەوەی سیستەم و بنیاتی کۆمەڵگە دەربخات و سنوورێک بۆ بێمانایی کردار و هەڵوێستی (دەزگای نەهێشتنی بێتاوانی) دابنێت و ئەو پەیامە بگەیەنێت، کە تەنها مردن دەتوانێت مرۆڤ لەژێر بارگرانییەکانی سیستەم و کولتوور و کۆمەڵگە ڕزگار بکات. بەم هەڵبژاردنە مستەفا "یاسا و بنەمای بوونی ئەوانی تریش دیاری دەکات و پابەندیان دەکات."(ئیبراهیم ٢٠١٣: ٢٦٦). بەم پێیە سزای مردن هێمای شکستی سیستەمە لە دانان بە ئاڵۆزییەکانی بوونی مرۆڤ و ئەگەرەکانی

بەردەم ئازادابوونیدا. سیستەمێک، کە تاکەکان لە مرۆڤبوونی خۆیان دەخات و لە هەمانکاتدا هەوڵی سەپاندنی نەزمێکی ئەخلاقی دیاریکراویش دەدات.

لە کۆتاییدا گرنگە ئاماژە بە ئەوە بکرێت، کە مردن نمایندەی سنووری کۆتایی ئەزموونی مرۆڤ و ڕووبەڕووبوونەوەی بێمانایی دەکات. هەڵبژاردنی سزای مردن وەک هەڵوێستێک و بڕیارێکی کەسی، تایبەتمەندیی بوونگەرایی لە شانۆنامەکەدا زەقتر دەکاتەوە. دەبێتە پرۆسەی دروستکردنی مانای کەسی لەبەرامبەر قوڵترین کردە و هەڵوێستدا، کە ئیتر خاڵی کۆتایی بوونی مرۆڤە.

ئەنجام

لە شانۆنامەکەدا گوناهـ تەنیا پێشێلکردنی یاسا یاخود بەها دەرەکییەکان نییە، بەڵکو فەرامۆشکردنی ویست و توانا خودییەکانی تاکە بۆ بەدیهێنانی بوونی ڕەسەنی خۆی. لە شانۆنامەکەدا سروشتی گوناهـ بەرجەستە نییە، بەڵکو شتێکی مەجازییە و لە شێوەی فۆرمێک و لە چوارچێوەی بنیاتێکی دیاریکراودا نامێنێتەوە و ناناسرێتەوە. بەو هۆیەوە ئەو مانا ڕەمزییەی چەمکی گوناهـ لە شانۆنامەکەدا ئاماژەی پێکراوە، لە بوونە واقیعییەکەی گرنگترە. دیاریکردنی تاوان و سزا وەک پرۆژەیەکی بڕیارلێدراوی کەسی، جەختکردنەوەیە لەو ڕەهەندە بوونگەراییەی ئەخلاق، کە مرۆڤ بە سروشتی مرۆیی خۆی و کەلێن و ناتەواوییەکانی بوونییەوە پابەند دەکات. بۆ مستەفا ڕێبەر مردن تەنیا خاڵی کۆتایی بایۆلۆژی نییە؛ بەڵکو کاریگەری قووڵیشی لەسەر چۆنیەتی تێگەیشتن لە بوون و مانا و بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی هەیە. هەڵبژاردنی مردن کردارێکە، بکەرەکەی دژبەری هەموو ئەو هێزانە دەهێڵێتەوە، کە وای لێدەکەن ئەو بڕیارە بدات.

## لیستی سەرچاوەکان:

بەکوردی

– أحمد، دیلمان قادر (٢٠٢٣). چەمکی خراپە لە ڕۆمانەکانی -بەختیار عەلی-دا: لێکۆڵینەوەیەکی دەروونشیکاریی فەلسەفی، تێزی دوکتۆرا، زانکۆی گەرمیان.

– أحمد، دیلمان قادر (٢٠٢٤). دیوە ئەخلاقییەکانی نائومێدی: شیکردنەوەیەکی ئەخلاقیی دەقی (بۆ ئاگاداری) کامەران موکری، Journal of Language Studies.Vol.8,No.5, 2024, Pages (232-213). https://doi.org/10.25130/Lang.8.5.11.

– ژیژەک، سلاڤۆی (٢٠٢١). خێچ ڕوانین: دەروازەیەک بۆ دەروونشیکاریی لاکان لە ڕوانگەی کولتووری عەوامەوە، وەرگێڕانی: وەلید عومەر، چاپی یەکەم، سلێمانی: مهتاب-ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.

– عەلی، بەختیار (٢٠١٨) ئاورەکەی ئۆرفیۆس، چاپی دووەم، سلێمانی: ئەندێشە.

– عەلی، بەختیار (٢٠٢١). بۆ دۆزەخ، ئەی بێگوناهان، چاپی یەکەم، سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.

– عەلی، بەختیار (٢٠٢١). خوێنەری کوشندە، چاپی یەکەم، سلێمانی: مهتاب-ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.

– عەلی، بەختیار (٢٠٢١). زنجیرەکانی دۆنکیشۆت، چاپی یەکەم، سلێمانی: ئەلوەن-ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.

– عەلی، بەختیار (٢٠٢٢). دەستەسڕەکەی ئۆتێلۆ، چاپە یەکەم، سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.

– کەمال، محمد (٢٠١٩). ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، چاپی چوارەم، سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.

– کەمال، محەمەد (٢٠١٩). فینۆمینۆلۆجی، چاپی دووەم، سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.

– مارتن هایدگەر (٢٠١٦). بوون و کات، وەرگێڕانی:

محەمەد کەمال، سلێمانی: دەزگـای چـاپ و پەخشی سەردەم.

– ماکواری، جۆن (٢٠١٣). فەلسەفەی بوونگەرایی (وجودییەت)، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، چاپی سێیەم، سلێمانی: ناوەندی غەزەلنووس-بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

– نالی (١٣٨٧). دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس، چاپی شەشەم، سنە: انتشارات کردستان.

– ئیبراهیم، زەکەریا (٢٠١٣). کێشە فەلسەفییەکان: کێشەی ئازادی، وەرگێڕانی: محمد مستەفا قەرەداغی، چاپی یەکەم، سلێمانی: ڕوون-بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان.

بە ئینگلیزی

– Braver, L 2014. Heidegger: Thinking of Being, UK: Polity Press.

– Buben, B 2016. Meaning and mortality in Kierkegaard and Heidegger: origins of the existential philosophy of death, Evanston, Illinois, United States: Northwestern University Press.

– Kierkegaard, Søren 1989. The Sickness unto Death. Translated, introduction and notes: Alastair Hanny. England: Penguin Group.

– May, R 1950. The meaning of anxiety, New York: The Ronald Press Company.

– May, R 1958. Existence: A New Dimension in Psychiatry and Psychology: Contributions of Existential Psychotherapy, NEW YORK: BASIC BOOKS, Inc., Publishers.

– Morris, H. 1987. Nonmoral guilt. In F. Schoeman (Ed.), Responsibility, character, and the emotions: New essays in moral psychology (pp. ٢٤٠–٢٢٠). Cambridge University Press.

– Wilson, Amanda 2021. Guilt beyond guilt: from political theory to metaphysics with Herbert Morris. Modern Law Review, 84 (1). pp.89-117. https://doi.org/10.1111/1468-2230.12580.

Summary:

Under the title "Absurdity and Original Sin: An Analysis of Bakhtiar Ali's Play 'To Hell, O Innocents' from the Perspective of Existential Ethics," this study analyzes the play and presents the concept of "original sin" as both an individual and social responsibility. The research highlights the absurdity of existence and the characters' struggle within a censored environment to find meaning and authenticity. It further aims to address the tension and conflict between individual freedom and social norms, demonstrating that human authenticity stems from the acknowledgment of responsibility and existential guilt. Ultimately, the study concludes that the play portrays a complex moral landscape that encourages the reader to contemplate the nature of sin and the individual's struggle to achieve authenticity in a fragmented world.

Keywords: Original Sin, Individual Responsibility, Absurdity of Existence, Authenticity, Drama/ Play.

الملخص:

تتناول هذه الدراسة، الموسومة بـ "العبث والخطيئة الأصلية: تحليل مسرحية (إلى الجحيم أيها الأبرياء) لبختيار علي من منظور الأخلاق الوجودية"، في تحليل المسرحية المذكورة، وتستعرض مفهوم "الخطيئة الأصلية" بوصفه مسؤولية فردية واجتماعية. تسلط الدراسة الضوء على عبثية الوجود وصراع الشخصيات في بيئة تخضع للرقابة سعيا لإيجاد المعنى والأصالة. كما تهدف الدراسة إلى مناقشة التوتر والصراع القائم بين حرية الفرد والمعايير الاجتماعية، موضحة أن أصالة الإنسان تنبع من الاعتراف بالمسؤولية وبالذنب الوجودي. وفي الختام، خلصت الدراسة إلى أن المسرحية ترسم لوحة أخلاقية معقدة تحفز القارئ على التأمل في طبيعة الخطيئة وكفاح الفرد من أجل تحقيق الأصالة في عالم متشرذم.

الكلمات المفتاحية: الخطيئة الأصلية، المسؤولية الفردية، عبثية الوجود، الأصالة، المسرحية.